# گەنج لە نێو هاوكێشەكانی ژیاندا

**لە كۆمەڵگایەكدا كە تازە لەسەرە ڕێی كرانەوە و پەیبردنن بە پێشكەوتن لە هەموو بوارەكانی ژیاندا، ئەو هۆكارانە چین كە دەبنە هۆی سەرهەڵدانی كێشەكان و پەراوێز خستنی گەنج، ئەمەش بە سەرەتایەكی خەتەرناك دادەنریت بۆ داهاتەی ئەم وڵاتە، ئایە ئەم پەراویزخستنە لە چیەوە سەرچاوەی گرتوە؟، بڵێی كاریگەری ململانێی نەوەكان بێت، كە ئەمەش پێشینەیەكی دوری هەیە و لە هەموو قۆناغەكانی ژیاندا ئەم ململانێیە بونی هەبووە، یاخود حاڵەتێكی لێكتێنەگەشتنە كە ئەمرۆ سەراپای تێڕوانینەكانی گرتۆتەوە، ئایە گرفتێك هەیە لە نێوان گەنج و دەسەڵاتدا؟، یاخود دیسانەوە نا تێگەشتنێك هەیە، ئەركی دەسەڵات چیە لە بەرانبەر ئەم قەیرانەدا و دەبێت ئەركەكانی سەرشانی گەنجانیش چیبن و چۆن جێبەجێیان بكات؟، دەست پێكردنەوەی كۆچی بەلێشاوی گەنجان بۆ؟، ئەی ئەو بەراوردكاریانە چین لە نێوان ژیان و تێڕوانین و تێفكرینەكانی گەنجانی ئێرە و گەنجانی وڵاتانی پێشكەوتوو، كۆمەڵگە چۆن دەڕوانێتە هەڵسوكەوتەكانی گەنج.**

**ئەمانە و چەند بابەتێكی تری تایبەت بەم كێشەیە لەم تەوەرەدا دەخەینەڕو، بەڵام ئەوەی كە جێگەی ئاماژە پێدانە ئەم تەوەرە كاری نزیكەی 6 مانگمە و لە ڕێگەی ڕۆژنامەی جەماوەرەوە خستومانەتەڕو، بۆیە بە پێویستی دەزانین جارێكی تر لە ڕێگەی سایتی دەنگەكانەوە دوبارە بیخەینە ڕوو، چونكە ئەوەی هەستی پێدەكەین بەردەوامی ئەو گرفتانەیە و لە ڕۆژگاری ئەمرۆشدا دوبارە بونەتەوە.**

**سازدانی تەوەر : ڕێبوار ڕەزا چوچانی :** rebwarreza1983@yahoo.com

..........................................................................................

" 14 "

## ململانێی نێوان گەنج و حزب و دەسەڵات

### گەنج تۆراوە، دەبێ ئاشتبكرێتەوە

**ئەنوەر حسێن (أ.بازگر)**



**بە بۆچوونی من كۆمەڵێك فاكتەر لەپشت كێشەو قەیرانەكانی گەنجەوە هەیە، كەدەكرێت وردتر قسەیان لەسەر بكرێت، چونكە تا ئێستا دووبۆچونی دژبەیەك هەیە لەسەر گەنج و كێشەو گرفتەكانی و قەیرانەكانی، بۆچونێك پێوایە، خودی گەنج بەرپرسە لەهەموو قەیران و كێشەكان كە روبەرووی دەبێتەوە، چونكە ئەوە هەر گەنجە هیچ ئینتیمایەكی نییە بۆ خاك و نیشتمان و كۆمەڵگاو تەنانەت توێژكەی خۆشی و نایەوێت بەشداری هیچ كام لەو پرۆسانەو چەندها پرۆسەی تر بكات، كە كۆمەڵگایەكی نوێی لەسەر بونیادبنرێت، واتا گەنج زۆر یوتۆپیانە دەژی و بیردەكاتەوەو پێیوایە دەبێ هەموو شتەكان بە ئامادەكراوی بێتە بەردەستی كە ئەمەش هەرگیز نابێت.**

**هەرچی بۆچونی دووەمە، پێیوایە ئەوە دەسەڵاتە كە ڕێگر دەكات لە بەدیهێنانی خەون و خولیاكانی گەنج و پەراوێزخستنیان و پێنەدانی رۆڵیان لەكایە سیاسی و ئابوری و كۆمەڵایەتیەكاندا.**

**بۆ ساغكردنەوەی ئەم دوو بۆچونە پێویستە لەسەر چەندخاڵ بوەستین**

که ئایا ئەم دووبۆچونە تا چەند فاکتەرن و لەمانەش زیاتر کام فاکتەرانەن وایانکردوە کە گەنج لە کوردستاندا گەنجێکی کارا (فەعال) نەبوە.

## گەنج و سیستمی پەروەردە

لەهەموو دونیادا سیستمی پەروەردە رۆڵێکی ئەکتیڤ وازی دەکات لەدروستکردنی تاکی کۆمەڵگادا، چونکە هەر ئەو سیستمە پەروەردەیە وادەکات تاك ولاتەکەی، نیشتمانەکەی خاکەکەی و هاولاتیانی خۆشبوێت و ببێتە تاکێکی سودمەند و بەرهەمهێنو راستی ئەم مەسەلەیەش ئەوکاتە دەردەکەوێت کەیەکێك لە پێوەرەکانی کۆمەڵگای پێشکەوتوو لەسەر ئەساسی بەرزی رێژەی گەنج و خوێندکار لە زانکۆ حساب دەکرێت.

بەو پەرگرافەی سەرەوە ئایا دەکرێت وەلامی ئەو پرسیارە بدەینەوە، کە ئایا ئەم پێوەرە تا چەند راستەو گەنجی کورد بەم پێوەرە مامەڵەی لەگەڵکراوە...؟

سەرەتا دەبێ بڵێم، سیستمی پەروەردەی کوردستان لەپاش راپەڕینەوە خراپترین سیستمی پەروەردەیە. بەو دەلیلەی ئەم سیستمە جیا لەوەی لەژێر کاریگەری کلتورو سیستمی پەروەردەی بەعسدا بوە، بەهەمان شێوە تا چەند ساڵ پێش ئێستاش وێنەی سەدام حسێن لەلاپەڕەی پێشەوەی کتێبەکاندا بوە کە ئەمە راستەوخۆ کاریگەری نێگەتیڤی دەبێت لەسەر منداڵ و تەناتەت گەنجیش، ئەمە جگە لەوەی پاش راپەڕین و تا ئێستاش کە نەوەیەك پێشگەیشتوە و گەنج هەیە پانزە ساڵە هێشتا پرۆگرامێك دەخوێنێت میتۆدو حزب و کلتوری بەعس و توندوتیژی سیستمی پەروەردەیی کۆن بەسەریدا زاڵە، هێشتا خوێندکار نازانێ جوگرافیای ولاتەکەی چۆنە و مێژووی نیشتمانەکەی چۆن پڕە لە تراژیدیاو ئەنفال و قوربانیدان دەکرێت پرسیار بکرێت بۆ؟ کێ لێ بەرپرسیارە...؟

بێگومان ئەم فاکتەرە رۆڵێکی پلەیەکی هەیە لەسەر لاو گەنجی کورد تا وا بیربکاتەوە هیچ شتێك بە نیشتمانەکەیەوە نابەستێتەوە جگە لە پێلاوەکانی.

بۆیە بۆ ئەوەی کۆمەڵگای کوردی، گەنجێك بەرهەبهێنێ خاوەنی ئیرادەو ئینتیمابێ، لانی کەم دەبێ سیستمی پەروەردە بکرێتە میتۆدێك بۆ پراکتیزەکردنی بەواقعی ئەم مەسەلەیە کە بەشێوەیەك رێکخبرێت هاوشێوەی سیستمی پەروەردەی مۆدێلی نوێ جیهان بێت بێگۆمان لەم حاڵەدا هەم گەنج دەبێتە گەنجێکی ئەکتیڤتر، هەم دەسەلاتیش دەتوانێ لەوزەو بەهرەی گەنج بەهرەمەندبێت.

## گەنج و ئینتیما

خاڵێکی زۆرگرنگە، بەلام بەداخەوە نە کۆمەڵگاو نەدەسەلات و نەگەنجیش ئەم فاکتەرە گرنگە ناخەنە ئەستۆی خۆیان، بونی ئینتیما یەکێك لەو فاکتەرانەی وادەکات گەنج زیاتر خۆشەویستی بۆ خاك و نیشتمانەکەی زیاترو زۆرتربێ، ئەمەش وادەکات گەنج ئیدی دەست لەو یۆتۆپیایە هەڵگرێت کەهەمیشە خەونی پێوە دەبینێت و بۆی ناکرێتە واقیع، مەبەستم ئەوەیە دواتر گەنج دەتوانێ ببێتە تاکێکی کاراو فەعال لە ئۆرگانێکی کۆمەڵگادا کاربکات و تاکێکی سودمەندی لێ دەرچێت و بکەوێتە بەرپرسیارێتەوەو خۆی بەخەمخۆری نیشتمان و نەتەوەکەی بزانێت و ئیدی بیر لەکۆچ و راکردن و ولاتجێهێشتن نەکاتەوە.

واتا گەڕانەوەی ئینتیما لەنێوان گەنج و خاك و نیشتمان وادەكات و گەنج هەست بەوەبكات ئیدی نیشتمان جەهەنەم نییەو دەسەلاَت و دێوزەمە نییەو، دەبێ کلتورێکی نوێ لەسەر بنەمای ئینتیما دروست بکرێت بۆ گەنج.
بێگومان ئەمەش بەو ئاڵوگۆڕانە پێکدێت کەدەبێ بە پلەی یەکەم حزبی کوردی و دەسەلاَت لەناو پێکهاتەو سەنترالیزمی حزب و کەسێتی و ئایدیاو دەسەلاَتدا پێکیبێنن.
چونکە بەپلەی یەکەم تۆرانی گەنج لە حزب و دەسەلاَتە، تۆرانی گەنج لە کلتوری حزب و سنتراڵیزەکردنی دەسەلاَتە لە بۆتەی چەند کەسدا.

## گەنج و خەون

گەر خەون واقیعی هەموو تاکێك بێت، گەنج کائینێکە زۆرترین خەونی هەیە، گەنج دەیەوێت بەهرەمەندبێت لەهەموو پێداویستیەکانی ژیان لە (پارە، خانوو، ئوتومبێل، سەفەر، گەڕان، خۆشگوزەرانی).
بەداخەوە هێشتا کۆمەڵگای کوردستان نە ئەو ئامادەگیەی تێدایە، نەخۆشی بۆئامادە کردوە.
مەبەستمە بڵێم، داهاتی گەنج لەبەرامبەر داهاتی بەرپرسە حزبی و حکومیەکاندا کە زۆرترین نەوەی کۆنی تێدا بالاَدەستە، ئەم خاڵە زۆر گرنگە.
ئابوری یەکێکە لەخاڵە بەهێزەکانی هەموو تاك و کۆمەڵگایەك، بۆ نمونە گەر داهاتی گەنجێك لە سویسرا ساڵانە (60000)دۆلار بێت، بێگومان لە کوردستان داهاتی گەنج ناکاتە (2000)دۆلار.
یان گەر لەوڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا بۆ هەر گەنجێك (ژورێك) هەیە و دابینکرابێ، بەلاَم لە کوردستاندا بەهەر (10)گەنج خاوەنی ژورێك نین.
ئا بەم شێوەیە مەسافەیەکی زۆر لەنێوان گەنجێکی سویسراو کوردستان بەهەمان شێوە جارێکی تر مەسافەیەکی غەدر هەیە لەنێوان گەنجێکی هەژارو کوڕی مسئولێك.
گەر دیقەت بدەیت، هیچ گەنجێك نییە لە کوردستان کوڕی مسئولێك بێت و ئوتومبێل و خانووی خۆی نەبێت، بەلاَم بۆ گەنجێکی هەژار دەست نادات.
بۆیە چەندە ئەم مەسافەیە دورتر بکەوێتەوە، حکومەت و حزب بێ دەربەست بن لێی، بچرانی پەیوەندی نێوان هەردوولا زیاتر و زۆرتر دەبێت و کێشە و قەیرانەکانی گەنج زیاتر دەبێت.
ئەلتەرناتیڤ بۆ ئەم کێشەیە هێنانە پێشەوەی گەنجە بۆ کایەکانی سیستمی سیاسی و ئیداری و هاوکاریکردنیەتی لەرووی ئابورییەوە، تاوەکو تاکێکی کاراو سەربەخۆو باشی لێ دەربچێت.
ئەم خاڵە خاڵێکی جەوهەریە لەکێشەی گەنج لەگەڵ دەسەلاَت و نابێ حزب و حکومەت چی دی خۆی لێ بدزنەوە.
دەبێ رێگایان بۆ ئاسان بکرێت، ببنە وەزیرو بەرێوەبەر، دەبێ بارو گوزەرانی ژیانیان باشبکرێت.

## گەنج و عشق

بەوپێیەی کۆمەڵگای کوردستان زادەی کۆمەڵگایەکی خێڵەکی و فیوداڵی و ئایینییە، تا ئێستاش عشق یاساغە،

ئەم چەمکە لەزهن و شعوری گەنجدا پانتایەکی زۆری داگیرکردوە.
گەنج هەستدەکات ناتوانێ بە ئازادی عشق بکات و پراکتیزی حەزە سێکسی و غەریزەکانی بکات، کاتێکیش وێنایەکی ئەوروپای بۆ وەسف دەکرێت ناچار دەبێ، لە وڵاتە رابکات.
هەرچەندە چەمکی عشق و خۆشەویستی لە کۆمەڵگای کوردستاندا پەیوەستە بەکلتوری کۆمەڵگاوە بۆ نمونە هێشتا شێخ لە بنەماڵەیەکی شێخاندا لەکوردستاندا حوکم دەدات، کەنابێ کچە شێخ شوو بەکوڕێك بکات کەشێخ نەبێت.
وەختێك ئەم کلتورە سوننەتی و تقلیدی و عەشیرەتگەریە تا ئێستا لە کۆمەڵگایەکدا زاڵە کە ئێمە ئیدعای ئازادی و مۆدێرن و عەلمانیەتی دەکەین گەنج توشی شۆك دەبێت ئەم دووشتە بەراورد دەکات.
بۆیە ئەمە کاری حکومەتە کار لەسەر تورهەڵدانی ئەم سونتە بکات و ئەلتەرناتیڤێکی مۆدێرنی بۆ بدۆزێتەوە کە لێوان لێوبێ لە عشق و خۆشەویشتی.
لەوەش خراپتر ئەوەیە خودی دەسەلاَت لەژێر ناوو بیانوی بێ مانا پارێزگاری لەچەند عادات و تەقالیدی کۆنەپەرستانە دەکات.
دەزگاکانی پۆلیس و ئاسایش هەمیشە لەناو پارکی ئازادی لە سلێمانی و پارکی سامی عەبدولڕەحمان لە هەولێر سیخوری و چاودێری بەسەر ئەو کوڕو کچەوە دەکەن کە لەناو ئەو دوو پارکە دانیشتون عشق بکەن، ئاسایش حەق دەدات بەخۆی دەخالەتی ژیانی کچ و کوڕێك بکات.
بەلاَم هەمان ئاسایش (خودی خۆی) کە دەوامی ئاسایی خۆی تەواو دەبێت توشی، هەمان حالەت دەبێ و رووبەڕووی هەمان چاودێری ئاسایش دەبێتەوە، بەلاَم قسەشی نییە، بۆیە دەبێ ئەوە بزانین حزب و دەسەلاَتی کوردی لەم کارە بەرپرسیارە.

***گەنج و حزب***

گەنج کە داینەمۆی زۆربەی شۆڕشەکانی کوردستانە، ئێستا وایلێهاتوە ئینتیمای نەماوە بۆ حزب ئەوەش پەیوەستە بە رۆڵی نێگەتیڤی حزب لەپاش راپەڕیندا.
حزب هەمیشە گەنجێکی دەوێت حزبی بێت نەك دڵسۆزو هەموو ئیمتیازەکانی حزب بۆ گەنجێکە کە حزبیە نەك داهێنەرە و بۆیە ئەمە وایکردوە، پەیوەندی نێوان گەنج و حزب تا دێت لێکدوربکەوێتەوە کە بە قەناعەتی من هەڵەیە.
بەڵکو دەبێ گەنج زیاتر بێتە ناو حزبەوە لەپێناو بەدیهێنانی خەونەکانی و ئاڵووگۆڕی زیاتر بۆیە دەبێ حزبیش بەو پێیەی سەنتەراڵیزەی کۆمەڵگاو حکومەتیشی کردووە دەبێ ریفۆرم لەناو خۆیدا ئەنجامبدات.
دەبێ دەست لەو تەونە جاڵجاڵۆکەیە هەڵگرێت کە دەیەوێت هەموو کۆمەڵگا بتەنێت، دەبێ دەست لە کلتوری شەڕو پشێوی و تەقرير نوسین هەڵگرێت، دەبێ واز لە مۆنۆپۆڵ کردنی ئابوری و سامانی وڵات بنێت.
رەنگە باشترین بەڵگەش بۆ ئەو نارەزایەتیەی گەنج، خۆنیشاندانەکانی ئەم چەند مانگەی پێشوو بێ لەحزب و حکومەت، رەنگە کۆچی هەزاران گەنج بۆ هەندەران ئەو نارەزایەتیە بێت. رەنگە بایکۆتی زۆری گەنجان لەهەڵبژاردنەکانی کوردستان و عیراقدا هەمان مەبەست بێ، رەنگە نەبونی ئینتیما فاکتەرێك بێت، رەنگە.

## ململانێی دوونەوە (نەوەی نوێ و نەوەی کۆن).

ململانێی نێوان نەوەی کۆن و نوێ تا دێت پەرەدەسێنێت و هەرچی نەوەی کۆنە پێوایە خاوەنی خەباتی شاخ و مەفهومی شۆڕشگێریەو دەبێ هەموو شتێك بۆ ئەو حەڵاڵ بێ و هەرچەندە نەوەی نوێ ئەمە بەوەهم دەزانێ کەشۆڕش ماڤ ئەوەی هەبێت هەموو شتێك بەناوی خەبات و شۆڕشگێڕی بۆ خۆی پاوان بکات واتە گەنج ئەمە بەقابیلی قبوڵ نازانێت.

نەوەی نوێ خۆی بە پێشەنگی خۆنیشاندان و بەرەی ناڕەزایی دەزانێت و هەرچی نەوەی کۆنە پێوایە ئەمانە پەشێوەیی و نا ئارامیە و کاری تێکدەرانەیە دەبێ لێپێچینەوەی لەگەڵ بکرێت، چونکە ئەمە یاریە بە موقەدەساتی شۆڕش.

نەوەی نوێ، خۆی بەنەوەی کۆمپیوتەرو ئیتەرنێت و تەکنەلۆژیای نوێ دەزانێت و هەرچی نەوەی کۆنە بەنەوەی توندوتیژی موقەدەساتی شۆڕش ناودەبەن.

وەزارەت و حکومەت پەرلەمان لەدەست ونەوەی کۆندایە و نەوەی نوێ پەراوێز کراون.

بەکورتی لە کوردستاندا دوو نەوە کە لەرووی تەمەن و مێژووەوە زۆر جیاوازن بەردەوام لە ململانێدان کە دەتوانرێت بەململانێی نەوەکان ناو ببرێت.

بۆیە دەبێ ئەم دوو نەوەیە ئاشتببنەوە، تا مۆدیلێکی نوێ لەنەوەی کوردی دروست بێت.

## گەنج و کۆچ

یەکێك لەو خاڵانەی کە هەمیشە گەنجی کورد لەهەموو حاڵەتە نەشازەکاندا پەنای بۆ دەبات و دەیەوێت تۆڵەی خۆی بکاتەوە کۆچە بۆ هەندەران.

هەرچەندە ئەم دیاردەیە پاش راپەڕین، بەشکڵێکی بەرفراوان زیادیکرد، بەڵام خودی فاکتەرە سەرەکیەکە چەند کێشەیەك بوو، دەکرێت بڵێم یەکەم ساتی کۆچ، یەکەم تۆرانی گەنج بوو لەحزب و حکومەت.

یەکەم ساتی کۆچی گەنج، یەکەم ساتی تۆران و توڕەبونی بوو لەو هەموو ناعەدالەتی و زوڵم و ستەمەی بەرامبەری کرا، لەلایەن خێزان و پەروەردەو حزب و دەسەڵاتەوە.

ئەو یەکەم ساتە بوە درزێکی گەورەو بەردەوام لەنێوان گەنج و دەسەڵاتدا و ئیدی نەگەنج ویستی ئاشتبێتەوە، نە دەسەڵاتیش ویستی بەشوێن ئەو سەرهەڵگرتنەی گەنجدا بڕوات و بیەوێت ئاشتی بکاتەوە.

لەهەموو ساتێکی شەڕو ناکۆکییدا بێگومان کات بۆ دیالۆگ و ئاشتبونەوە کەمتر دەبێتەوە بە شێوەیەك تەنها لەمانگی ئابی (2006)دا (200)گەنج تەنها لەشارۆچکەی دەربەندیخان کۆچی کردووە گەنجێکی کەلاری بە منی وت" من لەم کوردستانە هیچ شتێکم نییە، ئیتر دڵی چی بە کوردستان خۆشکەم، بۆیە بڕیارمداوە جێبهێڵم" گەنجێکیش کە چەند ساڵە لە ئەورووپایە دەڵێ" من سوید بە وڵاتی خۆم دەزانم، چونکە خانوم هەیە، کارم هەیە وەزعم باشە بۆیە ناگەڕێمەوە"

ئەمە جگە لەوەی لەوێ گەنج دەتوانێت عشق بکات و غەریزەکانی دابمرکێنێتەوە پارە کۆبکاتەوە، بەڵام هیچ کامیان ناتوانێ شوێنی ئەو غوربەتە بۆ گەنج بگرێتەوە کە رۆژانە حەسرەت مێشکی دەخوات.

بۆیە دەبێ هەلی ژیان و کار بۆ گەنج بڕەخسێندرێت و دەبێ گەنج ئاشتبکرێتەوە.

دەبێ گەنج ڕێزی لێبگیرێت، دەبێ، کۆمەڵگا خۆی لە قەیران و کلتورو سوننەتە دواکەوتوەکان بپارێزێت، دەبێ دیالۆگ شوێنی تۆران و راکردن بگرێتەوە.

**ئامارێك:**

بەپێی ئامارێك لەبەشی پزیشکی دادوەری لە سلێمانی و تەنها لەماوەی (6)مانگدا (64)کوڕو کچ خۆیان کوشتوە.

-(4)کوڕو کچ بەدەمانچە خۆیان کوشتوە.

-(2)کوڕو کچ بەپەت خۆیان خنکاندوە.

-(58)کوڕو کچ خۆیان سوتاندوە.

بەڵام ئەم ئامارە لە ساڵی (2006)دا بەرزبۆتەوە بۆ ئەوەی کە (266)گەنج خۆیان کوشتوە.

یەکێکی تر لەو ئامارە مەترسیدارانە هی ساڵی (2005)ە و بەتەنها لە شارێکی وەکو سلێمانی کە ژمارەی دانیشتوانی کەمترە لەیەك ملیۆن کەس (150)گەنج خۆیان سوتاندوە.

لەکاتێکدا لەشارێکی وەکو تاران کە ژمارەی دانیشتوانەکەی (15)ملیۆن کەسە. لەساڵی (2005) دا (205)کەس خۆیان کوشتوە.

ئەم ئامارانە کێ لێ بەرپرسە؟ لە سوتانی رۆژانەی کچان و کوڕان لە کوژرانیان کێ بەرپرسە؟

حزب و حکومەت خێزان، کۆمەڵگا؟

ئەم ئامارانە تەنها دوو خاڵی بچوکن لە کێشەیەکی زۆری گەنجان، بۆیە دەبێ بە پلەیەکەم حکومەت و دەسەڵات و حزبی کوردی خۆی بە بەرپرس بزانێ بۆ چارەسەری کێشەکانی گەنج.

گەر کۆمەڵگا، کۆمەڵگایەکی تەندروست و پێشکەوتوو مۆدێرن بێ دەبێ گەنج رۆڵی هەبێت.